# سووتان لەنسرمی ئێوارە لێڵەکاندا

*کۆژان*

*2005-4-23*

دەروازەکانی مێژوو کلۆمن
ئێمەین ئێواران
سەمایەک بۆ مەرگی خۆمان ئەگێڕین
شێتانە بێدەست نوێژ
قژی پەڕاوە پیرۆزکان ئەڕنین
لە سێبەری درۆکاندا
شەرابی حەقیقەتێکی تاڵ ئەخۆینەوە
جزوبارانی هۆشین
تنۆک تنۆک ئەسووتێینە ئەو دیوی بوونەوە
بە تەڕاوی خوێنی حەزەکانمان
نامە نەنوسراوەکانمانم ئەنوسینەوە
دەرگاکانم بۆ بکەوە
ئەی ئەوکەسەی نەئەتناسم نەئەمناسی
نابینی لە نسرمی ئەم ئێوارە لێڵانەدا
وەک ڕۆحی سەهرەوەردی هەڵ ئەوەریێم
لێوم تەڕکە ئەی کچە نەزۆکەکەی حەقیقەت
عەیامێکە ئێمە ئاوسین لە درۆ
کۆڵانە خوارو خێچەکانی ویژدانمان
بووە بە مەیانی ڕمبازی
ئاپورای هەردوو دیوی دەرگاکان
جۆگەلەکان زەرداوێکن لە درۆ
دەرگاکەتم لێکەرەوە
چیرۆکی سەرەبڕاوەکانی ئەودیو دەرگاکانم بۆ باسکە

(گوناهی بوونم بشۆرەوە)
لە سووتانی منالّیمدا گریان دلّنەوای ئەدامەوە
ئەی لەم دوا سووتانەی ڕۆحمدا
گەر تۆنەبی
کێ ئەتوانێ لەم تەکیە وێرانەی بوونمدا
بەرمالّی نوێژم ڕابخات
پەنجە بژەنێ لە خوێنم
شایەتیم بۆ بدات
کە گڕی پەڕاوەکانی حەقیقەت ئەم سوتێنن
درۆکانی ناو حەوشەی مێژوو
(فوو لە گیانی پشکۆم ئەکەن)
دەرگاکەتم لێکەرەوە
من دەرگاکانم والآیە
ئەگەر هاتی لە ئێوارەی سووتانێکدا
گرێبەندی نێوان ئێمەو درۆکانی مێژوو بسووتێنە
فرمێسکەکانمان بخۆرەوە
خەونەکانی بۆلّس لێکدەرەوە
ببە بۆراقێکی ڕاستیو
میعراجی دوا مەنزلگەی بوونمان پێبکە
باسی ئێوارەلێڵەکانی
ئەو دیو دەرگا داخراوەکانی مێژووبکە
پێمان بلّێ
پەڕەموچی سەرکردەکان درۆکانیان نوسیەوە
شمشێرەکان حەقیقەتیان ئەنفالکرد
پێمان بلّێ
سووتانی ئێوارانی ئەو دیویش
وەک ئەم سووتانە نەفرەتیانە بێ دوکەلّ بوون
هۆشیان لە شمشێرو

جەلادیان لە دڵ ڕەقی مارەکرد
حەقیقەت بەدەم گسکدانی
جۆگەلە خوێنەکانەوە لە بار چوو
خوێن لە درۆکانمان ئەچۆڕێ
کاکۆڵمان لە ژێر سمی ئەسپەکانی ئەو دیو دەرگاوەیە
وەرەو زیارەتی دۆزەخی ئەم سووتانەمان بکە
ببینە چۆن گەورەکانمان
قامچی بارانی ڕۆحمان ئەکەن
عەشق و خوشەوسیتیمان لێ ئەدزن
ئەی کچە شۆخەکەی حەقیقەت
ژووانت لەگەڵ کێ بەستوە
مارەی خۆتت لەکام هەسارەی بێ مرۆڤ بڕیوە؟
بەیاری کام خاکی بێ درۆ ئەکێڵی
بۆ جارێک
سەرنجێ بدە لەم گۆڕستانە بێ مردوە
وێردێ لەسەر مەزارمان بخوێنە
گوڵبژێری نا نا چەپک چەپک
درۆکانی هەناومان ڕیشەکێشکە
تەنهایمان بخۆرەوە
دڵنەوایی زەردبوونی گەڵای عومرمان بدەرە
حەقیقەتی دوای کۆچمان بۆبکە
بە چیرۆکیکی بەر ئاگردان.
لە کازیوەی مێژووەوە
تا دەمەدەمی ئەم ئێوارە سووتانە
بڕناقمانیان ئاخنیوە لە بۆنی خوێنێکی تەڕ
لە نەمامی درۆ چاوکاڵەکان
لە موچڕکی بەڵێن و موژدە بێ ماناکان
ئاوەزمان تکاوەتە داوێنمانەوە

غەریزەمان

لە زیندانە تەڕوتوشەکانی ناو باڵەخانەی
چەن پەڕاوێکی پیرۆزدا کۆتکراوە.
ئەی نابینی درۆکان وەک قارچکی
بەهارەوەرزێکی  بەچەخماخە
لەسەر لاشەمان هەڵ ئەتۆقێ
ئێمە مێژووی لەدایکبوونی سووتانین
کەڵەکە بەردێکی درۆینەین
ڕێبواری دەروازەی کۆیلایەتی و مل کەچ بوونین
ترست نەبێ لەهاتنت
درۆکان تۆ ناخۆنەوە
ئێمە زێرابێکین لە درۆ
خەرمانێکین لە سووتان
ڕەوە درۆی زەمەنێکی ئەتکراوین
گەر تۆ نایەیت دەبا من بێم
دەرگاکانتم لێبکەوە
پاکم کەوە لە ژەنگی ئەم زەمەنە تەریوە
بۆن پرژێنمکە لە حەرفەکانی حەقیقەت
بە چڵەدارەکانی بوون بمسووتێنە
دوای مردنی درۆکان
زیندومکەوە هەڵم کێشە لە ئاوی جۆگەلەکانی
ئەودیو درۆ